**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە: ١٣٩٠١ لە ٢٠٢١/١١/١٥**

پاڵپشت بە بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (٣) لە ساڵی ١٩٩٢ی هەمووارکراو، و بڕگەی (یەکەم) لە ماددەی (شەشەم) لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (٦٦) لە ٢٠٢١/٩/٢٩ ئەم پەیڕەوەی خوارەوەی دەرکرد:

**پەیڕەوی ژمارە (١٣) ساڵی ٢٠٢١**
**پەیڕەوی ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و کاروباری ئایینی لە هەرێمی کوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**
مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە:
**یەکەم: وەزارەت:** وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
**دووەم: وەزیر:** وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
**سێیەم: بریکار:** بریکاری وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
**چوارەم: ئەنجومەن:** ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
**پێنجەم: سەرۆك:** سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
**شەشەم: ئەندام:** ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و کاروباری ئایینی.

**ماددەی (٢):** ئەنجومەن، سەرەڕای ئەو ئامانجانەی لە یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠٠٧دا هاتووە، کار دەکات بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەی خوارەوەش:
**یەکەم:** بەڕێوەبردنی موڵکە وەقفییەکان بە شێوەیەکی دروست بە جۆرێك کە خزمەتی زیاتریان بکات، لە چوارچێوەی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان.
**دووەم:** وەبەرهێنان لە موڵکە وەقفییەکان و بەرەوپێشبردنیان، لە چوارچێوەی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان.
**سێیەم:** ڕێکخستنەوەی داهاتی موڵکە وەقفییەکان و زیادکردنی ژمارەیان و گرنگی پێدانیان.
**چوارەم :** دانانی پلان بۆ جەردکرنی دروستی ساڵانەی موڵکە وەقفییەکان و بەدیارخستنی ئەو موڵکە وەقفیانەی کە دیارنین.
**پێنجەم:** ئامادەکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی تایبەت بە موڵکە وەقفییەکان و بڵاوکردنەوە و ئاشکراکردنی.

**ماددەی (٣):** پێکهاتەی ئەنجومەن بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:
**یەکەم:** وەزیر - سەرۆکی ئەنجومەن.
**دووەم:** بریکار - جێگری سەرۆکی ئەنجومەن.
**سێیەم:** ڕاوێژکار و بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەت - ئەندام.

**چوارەم:** دادوەرێکی باری کەسی کە لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە دیاردەکرێت بە مەرجێك پۆلینی (یەك) بێت - ئەندام.

**پێنجەم:** نوێنەرانی وەزارەتەکانی (داد، خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، پەروەردە، دارایی و ئابووری، شارەوانی و گەشتوگوزار، کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، ڕۆشنبیری و لاوان) بە مەرجێك پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت - ئەندام.

**شەشەم:** چوار لە زانایانی ئایینی ئیسلامی کە وەزیر دیاریان دەکات - ئەندام.

**حەوتەم:** بەڕێوەبەرە پەیوەندیدارەکانی ناو وەزارەت یان کەسانی شارەزا لە بابەتی کۆبوونەوەکە لە ناوەوە یان دەرەوەی وەزارەت کە لەلایەن وەزیر بانگهێشت دەکرێن بۆ کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن بە بێ ئەوەی مافی دەنگدانیان هەبێت.

**هەشتەم:** سکرتێری ئەنجومەن: فەرمانبەرێکی شارەزا لە بواری ئەرک و چالاکییەکانی ئەنجومەن و لەلایەن وەزیرەوە دەستنیشان دەکرێت و مافی دەنگدانی نابێت.

**ماددەی (٤):**

ئەندامانی ئەنجومەن کە لە بڕگەکانی (چوارەم) و (پێنجەم) و (شەشەم)ی ماددەی (٣)ی ئەم پەیڕەوە ساڵانە نوێ دەکرێنەوە بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار.

**ماددەی (٥):** لە چوارچێوەی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان، ئەنجومەن ئەم ئەرکانەی خوارەوە پیادە دەکات:

**یەکەم:** پەسندکردنی پلان و پرۆگرامی گشتی وەزارەت کە ئامادە دەکرێت لەلایەن لیژنەیەکی باڵای سەر بە ئەنجومەن دوای دیراسەتکردنی.

**دووەم:** دیراسەتکردنی ڕەشنووسی پەیڕەو و ڕێنماییەکانی تایبەت بە وەزارەت.

**سێیەم:** گفتوگۆکردن لەسەر بودجەی ساڵانەی وەزارەت و موڵکە وەقفییەکان و پێشکەشکردنی پێشنیاری پێویست لەم بارەیەوە بە مەبەستی بڕیاردان لە سەری و بەرزکردنەوەی بۆ لایەنی پەیوەندیدار.

**چوارەم:** سەرپەرشتیکردنی گشت موڵکە وەقفییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵیان.

**پێنجەم:** دیراسەتکردن و بڕیاردان لەسەر گشت ئەو بابەتانەی کە لەلایەن سەرۆك و ئەندامانی ئەنجومەنەوە دەخرێنە پێش ئەنجومەن.

**ماددەی (٦):**

**یەکەم:** کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن لە ناو وەزارەت ئەنجام دەدرێن و بۆ سەرۆك هەیە بڕیار بدات کە لە شوێنێکی دیکە ئەنجام بدرێن بەپێی پێویست.

**دووەم:** ئەنجومەن بە ئامادەبوونی (٣/٢) دوو سێ یەکی ئەندامان کۆدەبێتەوە.

**سێیەم:** کۆبوونەوەکان وەرزی دەبێت و بۆ سەرۆك هەیە کە داوای کۆبوونەوەی نائاسایی بکات بۆ ئەو بابەتانەی کە بە گرنگی دەزانی یان لەسەر پێشنیاری یەکێك لە ئەندامەکان.

**چوارەم:** بڕیارەکان بە زۆرینەی دەنگ دەبێت و لە کاتی یەکسانی دەنگەکان، بابەتەکە یەکلادەبێتەوە بۆ ئەو لایەنەی سەرۆك دەنگی بۆ داوە.

**ماددەی (٧):**
بۆ ئەنجومەن هەیە لیژنە پێکبهێنێت بە سەرۆکایەتی یەکێک لە ئەندامەکانی سەبارەت بە کاری مولکە وەقفییەکان بۆ ئامادەکردن و یەکلاکردنەوەی بابەتەکان لە ڕووی یاسایی و شەرعییەوە و دواتر خستنەڕووی لە ناو کۆبوونەوەی ئەنجومەن.
**ماددەی (٨):**
ئەنجومەن دەسەڵاتی هەیە بۆ داواکردنی هەر بەڵگەنامەیەکی وەقفی یان ئەو موڵکانەی کە ئیدعای وەقفبوونی دەکرێت بەڵام تۆمارنەکراوە لە دەزگاکانی سەر بە وەزارەت یان دەرەوەی وەزارەت.
**ماددەی (٩):**
پەیڕەوی ئەنجومەنی باڵای ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٠١ی هەموارکراو هەڵدەوەشێتەوە.
**ماددەی (١٠):** وەزیر بۆی هەیە ڕێنمایی پێویست دەربکات بۆ ئاسانکاریی جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە.
**ماددەی (١١):** کار بە هیچ پەیڕەوێك یان ڕێنماییەك یان بڕیارێك ناکرێت کە ناکۆك بێت لەگەڵ حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە.
**ماددەی (١٢):** پێویستە لەسەر وەزیر و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە جێبەجێ بکەن.
**ماددەی (١٣):** ئەم پەیڕەوە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**هۆکارەکانی دەرچوواندن**

لە پێناو تازەگەری و گونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییە نوێیەکانی سەردەم و زیاتر گرنگیدان بە موڵکە وەقفییەکان و بەکارخستنیان و وەبەرهێنان لەو موڵکانە بەپێی حوکمەکانی یاسا بەرکارەکان، ئەم پەیڕەوە دەرچووێندرا.

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**